www.kurdistannet.org
01/07/2002 21:40

# ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەو عیراقییانەی یارمەتی دارایی ئەمریکا وەردەگرن

**ئارام زەندی**

رۆژی ٢٠ گوڵانی ٢٠٠٢ لە سەر ماڵپەری کوردستان نێت هەواڵێکم لە ژێر ناونیشانی : (لیستەی نوێی ئەو عیراقییانەی یارمەتی داراییان لە ئەمریکا وەرگرتووە) بڵاوکردەوە. ئەو لیستەیە نێوی هەندێ ناوەند و رێکخراوە و کەسایەتی عیراقی گرتبووە خۆی. ئەو هەواڵە لە رۆژنامەی (میدیاش) دا لە هەولێر بڵاوبۆتەوە و بووەتە هۆی کێشە لە نێوان بەرپرسانی ئەو رۆژنامە و کەسایەتی و زانای عیراقی خاوەن هەڵوێست و دۆستی کورد دکتۆر فالح عبدالجبار دا. ئەرکی رۆژنامەوانی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر خوێنەران و هەموو ئەوانەی ئەو هەواڵەوە نیگەرانی کردوون و بۆتە هۆی ئازار و سەرئێشە بۆیان ، ناچارم دەکەن ئەم روونکردنەوەیە بڵاو بکەمەوە.

سەرچاوەی هەواڵەکە فاکسێك بوو کە باج و لۆگۆی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای بە سەرەوە بوو و لە کەسایەتییەکی عیراقیی بە نێوبانگ و زاناوە گەیشتە دەستی من. لە ماوەی یەك رۆژدا چوار پێنج جاران بە تەلیفۆن قسەمان لە گەڵ یەکدا کرد و هەبوونی هەندێ نێو، کە دکتۆر فالح لە سەرووی هەموویانەوە بوو ، لە نێو ئەو لیستەیەدا مایەی دڵگەرانی و نیگەرانی هەردووکمان بوو. پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە پرسیاری ئەو کەسانەم کرد کە ئەو فاکسەیان بۆ ناردووە. هەموو ئەو ناوانەی ئەو باسی کردن جێگەی متمانەن و مرۆڤ ناتوانێ گومان لە دروستی و خەباتیان لە دژی رژێم بکات. هەڵبەتە وەکو نەریتێکی رۆژنامەوانی من بۆم نیە سەرچاوەی زانیارییەکانم ئاشکرا بکەم. لە دواییدا بۆم دەرکەوت ئەو فاکسە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە نێو عیراقییەکاندا بڵاوکراوەتەوە. تەنانەت لە هەندێ رۆژنامەی عەرەبیشدا ئەو هەواڵە بڵاوکرایەوە و هەندێ لەوانەی کە نێویان لە لیستەکەدا هاتبوو لە دژی ئەو هەواڵە روونکردنەوە و بیر و بۆچونی خۆیان بڵاو کردەوە.

کاتێ زانیارییەکانی فاکسەکەم لە گەڵ دەقە رەسەنەکەدا ، کە لە سەر ماڵپەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ٢ گوڵاندا بڵاوکراوەتە ، بەراورد کرد ، بۆم دەرکەوت زانیارییەکان جیاوازن. لە فاکسەدا نێوی ئینستیتوی کوردی لە واشنتۆن نەهاتووە لە کاتێکدا لە دەقە ئەسڵیەکەدا نێوی براوە. نێوی ئەو کەسایەتییانەش لە دەقە ئەسڵییەکەدا نیە کە لە فاکسەکەدا نێویان هاتووە. هەرچەندە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە نێوی ئەو ناوەند و رێکخراوە عیراقییانە رادەگەیانێ دەڵێ (دەتوانم بێجگە لە مانەی لێرەدا باسیان دەکەم دەیان نێوی ترتان بۆ ریز بکەم لەو عیراقییانەی یارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەردەگرن) .

دوا بە دوای ئەوە جارێکی تر پەیوەندیم بەو کەسایەتییەوە کرد و ئەم زانیارییانەم پێ راگەیاند و تکام لێکرد بچێتە بنج و بنەوانی ئەو فاکسە نەبا من بە نارەوا نێوی هەندێ کەسم زراندبێ. دوای پەیوەندی کردن و چوونە بنج و بنەوانی هەواڵەکە پێی راگەیاندم کە بەرپرسی یەکێك لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی عیراق وتوویەتی من بە نامەیەکی رەسمی ئەم لیستەیەم لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەرگرتووە ، چونکە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە لە کۆنفرانسێکی کورتدا ناتوانێ نێوی هەموو ئەوانە رابگەیەنێ کە یارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەردەگرن.

رۆڵی من لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە ئەوەندە بووە. لە گەڵ ئەوەشدا من داوای لێبوردن دەکەم لە خوێنەران و هەموو ئەوانەی بە هۆی ئەو هەواڵەوە تووشی ئازار و دڵگرانی و سەرئێشە هاتوون ، بە تایبەتی ئەوانەی بە نارەوا نێویان لەو فاکسەدا هاتووە. داوای لێبوردن لە دکتۆر فالح عبدالجبار دەکەم کە رێزێکی زۆرم بۆ نووسین

www.kurdistannet.org
01/07/2002 21:40

و هەوڵەکانی و سالآنی پیشمەرگایەتی و خەباتی سەختی لە دژی رژێم هەیە. من زۆرم پێخۆش دەبوو ئەگەر دکتۆر فالح لە زانکۆکانی کوردستاندا وانەی بوتایەتەوە و قوتابی و مامۆستای بە توانای بۆمان پێبگەیاندایە، چونکە ئەو دەزگایەی (ئینستیتوەکەی عیراقی بۆ دیموکراتی) کە ئەو کاری تێدا دەکا پارمەتی دارایی لە ئەمریکا وەردەگرێ ، واتا دکتۆر فالح هەرچەندە گۆشتەکەی ناخوا ، بەلاّم گۆشتاوەکەی دەخوا !!!.

من بۆ خۆم تاوەکو ئێستا بۆم روون نەبووەتەوە کێ لەو کەسایەتییانە پارمەتی داراییان لە ئەمریکا وەرنەگرتووە. گومانم لەوەدا نیە کە هەندێ لەوانە و گەلێکی تریش لە سەر ئاخوڕی ئەمریکا دەلەوەڕێن بێ ئەوەی هیچ رۆڵێکیان لە خەباتی دژی رژێمدا هەبێ. ئەمانە بەو هەڵپە و هەڵس و کەوتانەیان زیانێکی گەورە لە خەباتی نەیارانی راستەقینەی رژێم دەدەن و ئیماژێکی زۆر خراپ دەدەن بە ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی.

پێموایە نەدەبوو رۆژنامەی (میدیا) ش ئەم بابەتە بکاتە (هەڵمەتێکی نەتەوەیی !!!!!) لە دژی کەسایەتییەکی زانا و خاوەن هەڵوێست و دۆستی گەلی کورد بە هۆی هەواڵێکە کە کێشەیەکی رۆژنامەوانی لێ بۆتەوە و رۆژانە لەم جیهانە جەنجاڵەدا هەزاران کێشەی لەو جۆرە روو دەدەن بێ ئەوەی بکرێ بەو شێوەیە گەورە بکرێتەوە .